# پشو لەلێوارەکانی تەمەنا

ئاوات حەسەن ئەمین

لەعەدەمەوە هاتۆتەوە
لەپیاسەی کۆلانە پڕ
دەعباکانی–نەفرینە–وە.
دارە قەیرەکان، یەکە.. یەکە
کەوتوونەتە دوای هەنگاوەکانی و
گەواڵە هەورەکان،
دڵۆپە بارانی پاکبوونەوەیان
بەسەر جەستەی پاکیزەیی ئەمدا
بەخوڕ رەم باراندووە.
زۆر خێرا ڕێ ئەکات
وا ئەزانێ ئەم جیهانە فراوانە
چەرمی چۆلەکەیە، بۆیە وا
سواری چارەنوسی
پێیەکانی بووەو
غار ئەدات.
بەناو مێرگەکانی سروشتا
بەناو بێشەلان و رووتەنیا
ئەڕواو..
دڕك و داڵی رۆژگارە شومەکان
پڕزاڵ.. بڕزاڵ
جل وبەرگی لەبەر دائەکەنن و
وەکو موفەڕك بۆ یادگاری
پارچەیەکی گل ئەدەنەوە.





شەو..
بەسەر جەستەیا دێت‌و
ئەم هەر رائەکات.
هەر هەناسەبڕکێیەتی.
بۆ ساتێ، ئیستێ ئەکات
لەپاڵ درەختێکا
لێی ئەکەوێ‌و
شەو..
راستگۆیانە ئەیخاتە خەو.
کاتێ..
کازیوەی بەیانی
لەسەر دارستان بەدیار ئەکەوێ
ئەمی راکردوو لەچارەنوسی بەد
دووبارە خۆی
گورئەداتەوە.. تا
دەست بکاتەوە بەکارەکەی،
لەملایەوە
گوێبیستی
شڵپ‌و هوڕی
ئاو ئەبێ.
بەسەر لەشی
پەرییەکا دێتە خوارێ
سەرقاڵی خۆشتنە
خەریکە..
ئاوەکە..
بەبۆنی ئاونگی
ئارەقی
بەتامتر ئەکا.
ئەمیش زۆر
شەرمنانە..
سەیری ئەکا.
بێ ئاگا لەوەی
کچۆڵە پەری سەرکانی
ئاگاداری رەفتاریەتی



**بۆیە-ئەو- زیاتر خۆی ئەشواتو**
**لەنجەولار بە**
**مەمکی تورتو**
**لەشولاری سپی ئەکات.**
**دواتر خۆی**
**بەگەڵای دار دەئەپۆشێو**
**هەنگاو.. هەنگاو**
**رووەو ئەمی-ئادەمی- دێت**
**سەیری ئەکات.**
**شەرم سەرتاپای گیانی (ئەم)**
**داگیر ئەکات.**
**دەستی ئەگرێو**
**لەگەڵ خۆیا ئەیباو**
**ئەڕۆن.. ئەڕۆن**
**لەنێوەندی دارستانا**
**لەشوێنێکا..**
**هێڵی بەیەک گەیشتنی**
**زەوی‌و ئاسمانە،**
**خانویەکی خنجیلە دروست کراوە**
**ئەم جێگایە ماڵی پەرییانی ناوە.**
**دواتر خۆیان**
**لەڕامووسان**
**تێر ئەکەن‌و**
**ئەوجا-ئەکەونە سەر گازەرای پشت.**
**کچە ئەڵێ:**
**ئەی رێبواری**
**نادیاری**
**ناسنامەو شوێن**
**یەکەمجارە من بگەمە**
**ئەم مەنزڵەم**
**ئای کە ئاسودە بووم پێت**
**ئەی وێڵی شێت..!**
**ئەویش ئەڵێ:**
**منی راکردوو لەدەستی**



جەنگەڵە یاسای مرۆڤ،
هەرگیز باوەڕم وانەبوو
لەم جێگا لاتەریکە
لەم ژیانەی کە خەریکە
مۆمی هیوامی تیا بمرێ
لەگەڵ "تۆ"یەکی نەناسراو
پشو بەمو بکەمە جێ..!
چەند دژووارە
"من" راکردووم، لەقەدەرێ
گەر بمگرێ ئەمکوژێ!
بەلاَم ئێستا..
بڕیارم دا:
لەئامێزی تۆی-بەفرینا-
خۆم تەسلیم کەم بەقەدەرێ
لەناو ئەم دارستانە
ئەوەندەی ماومە تەمەن
ئەوەی کرۆکی ژیانە
لەگەڵ تۆدا بەسەربەرم
لێرە بژیم..